به ناوی خودا

# تارای سپی

(شێعر)

عومەر محەممەدی

(مەزهەر)

١٣٩٥

سرشناسه : محمدی، عمر، ۱۳۶۳ -

عنوان و نام پدیدآور : تارای سپی(شیعر)/ عومەر محەممەدی(مەزهەر)

مشخصات نشر : بوکان: زانکو، ۱۳۹۵

مشخصات ظاهری : ۸۳ ص.

شابک : 978-600-8622-56-7

وضعیت فهرست نویسی : فیپا

یادداشت : کردی.

موضوع : شعر کردی -- قرن ۱۴

موضوع : Kurdish poetry -- ۲۰th century

رده بندی کنگره : PIR۳۲۵۶ /س۷۴۳م۲۴۹۲ ۱۳۹۵

رده بندی دیویی : ۸فا۹/ ۲۱

شماره کتابشناسی ملی : ۴۵۸۶۲۴۸

*بۆکان، شەقامی مەولەوی شەرقی، کووچەی مام ساحیبی*
*تەلەفوون: ۰۹۱۴۳۸۲۲۱۳۹ (حامید قودرەتی)*

| |
|---|
| **ناوی کتێب:** تارای سپی |
| **نووسەر:** عومەر محەممەدی |
| **پیتچن:** ئومید محەممەدی |
| ڕووبەرگ: سامان محەممەدی |
| **بڵاوکەر:** بۆکان – نەشری زانکۆ |
| **چاپەمەنی:** بۆکان - ژامان |
| **چاپ:** یەکەم، زستانی ۱۳۹۵ |
| **ئەژمار:** ۱۰۰۰ دانە |
| **قیمەت:** ۷۰۰۰تمەن |


تەواوی مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بۆ بڵاوکەر پارێزراوە

**ناوەرۆک**

پێشەکی........................................ ٨
پاڕانەوە ........................................ ١٢
دووڕەنگی ........................................ ١٤
پیرۆزبایی........................................ ١٦
دوعای بێ سەمەر................................ ١٧
نەخۆشی ئەوین.................................. ٢١
تا کەی شەرم؟ .................................. ٢٣
تەنیا هەر ئەمشەو .............................. ٢٥
نیشتمان ........................................ ٢٧
یاری دەروون ڕەش .............................. ٢٩
دڵی شکاو........................................ ٣٣
کانی............................................ ٣٦
پێڵاو........................................... ٣٨
جەمۆغە ......................................... ٤٤
هیوا ............................................ ٤٦
وەڵامی چاکە ................................... ٥٠
گۆڕستانی دڵ.................................... ٥٣
گلەیی ........................................... ٥٥
بەهاری وڵات.................................... ٥٧
ڕۆژی مەرگم .................................... ٦٠
تا سەر وا نابێ .................................. ٦٥
تۆڵەی ماچ....................................... ٦٦
پەشیمانی........................................ ٦٨

چوارخشتەکی ........................................ ٧١
خەونێکی تاڵ.............................................. ٧٦
بووکی ڕووڕەش ........................................ ٧٨
شاعیری نەبەز.............................................. ٨٠
هەڵەی زانایان.............................................. ٨٢
میوان ..................................................... ٨٣
کیژی دێهاتی ........................................... ٨٤
وەسیەت...................................................... ٨٧
ئارەزووی مەحاڵ ......................................... ٨٩
تاوان ..................................................... ٩٢
باز و مریشک............................................. ٩٥
تەماح...................................................... ٩٨

پێشکەشە بە گیانی پاک و هەمیشە زیندووی بابم کە ناسۆری کۆچە
بێ وادەکەی تا مردن سارێژ نابێ و ئازارم دەدا...

هەروەها پێشکەشە بە دایکی خۆشەویستم....

# پێشەکی

شێعر هەست و سۆزی دڵی لە کوڵ و ئەویندارە، جا ئەو ئەوینە ئەوینی خاک بێ، ئەوینی کچ بێ یان ئەوینی خودا و....

شاعیر ناچارە هەستی خۆی دەرببڕێ و ئەوەی لە دڵیدایە هەڵیڕێژێتە سەر کاغەز. وەک چۆن کاتێک گریان ئەوکەت دەگرێ و ناتوانی پێش بە فرمێسکەکانت بگری و لە چاوت دەچۆڕێ؛ شێعریش وایە کاتێک هەست وەکوڵ دێت و وشەکان قوڵپە دەکەن ناچاری دەستەوداوێنی قەڵەم بیت و هەستەکانی خۆتی پێ دەربڕی.

دیارە ئەو شێعرە کتوپڕ و قوڵپدەرانەی لە دڵەوە دێن بێ گومان لە دڵیش دەنیشن. لە قەدیمەوە گوتوویانە ئەوەی لە دڵەوە بێ لە دڵ دەنیشێ.

کاک مەزهەر یەکێک لەو لاوە بە هەستانەیە کە ماوەیەکی زۆر نییە دەستی داوەتە قەڵەم و تێکەڵ دنیای خەیاڵ بووە، بەڵام زۆر جوان و ساکار و ڕەوان دەنووسێ و هەستی سەوزی شاعیرانە لە بەرهەمەکانیدا شەپۆل دەدا.

ئەو شێعرە جوان و ئێسک سووک و بێ خەوشانەی لە چاوەی کانیاوی هەستی مەزهەر هەڵقوڵیون دەردەدڵی زۆربەی گەنج و لاوەکانی کۆمەڵگای خۆمانن و دەروویەکن بۆ ئەوەی لەوێوە بچینە نێو دنیا پڕ لە ڕاز و بێگەردەکەیانەوە.

ئەو شـێعرە ناسـک و ڕەزاسـووکانەی مەزهەر زۆر شـیاون بـۆ گـۆرانی و هیوادارم گۆرانیبێژەکان بە پیریانەوە بچن و گۆرانییەکانی خۆیان لەو کانیاوە زوڵاڵە پاراو بکەن.داوای سەرکەوتن بۆ مەزهەر دەکەم و هیوادارم بەرهەمی باشتر لەوەش بخوڵقێنێ.

۱۳۹۵/۱۱/۷

ئەمین گەردیگلانی

# پێشەکی شاعیر:

به ناوی دانەر و ڕانەری عەرز و ئاسمان
خودای بەخشندە و گەورە و دلۆڤان

خۆشەویستم؛
ئەو کاتانەی لە بیری تۆ دام و خەیاڵی دڵ بزوێنی تۆ هەستی زامارم دەلاوێنێ بە دەست خۆم نیە ناتوانم بێدەنگ بم، دەست دەدەمە پێنووسی لە خۆم ماندووتر و وەک هیچ بێ وفاییەکم لە تۆ نەدیبێ، بۆ وسفی جوانی و دڵڕفێنی باڵات شێعر دەهۆنمەوە یا باشتر وایە بڵێم لاپەڕەکانی دەفتەری ژینم ڕەش دەکەمەوە. بەڵام هەرچەند دەکەم ناتوانم هۆنراوەیەک بنووسم کە وەک تیشکی چاوەکانی تۆ نەمر بێت.
کاتێ لە نووسین بوومەوە نووسراوەکانم بە شاپەڕی بای شەماڵەوە دەبەستمەوە و بە دیاری دەینێرم بەرەو دیاری سەوز و هەمیشە بەهاری تۆ.
هیچ دەربەستی ئەوەش نیم کە ئەم نووسراوانە دەخوێنیەوە یان نا. هەر ئەوەندەی لە دەم ڕێبوارێکی نەناسیش بیانبیستی و بزانی کە لە دڵی شاعیرێکی جوانی پەرست دا چەندە ئازیز بووی بۆ من دەبێتە مایەی حەسانەوە و دڵخۆشی.

شاعیرێک کە نەیتوانی وەک ئەو کەسانەی تۆ بە ئەویندارییان دەزانی باڵات بە زێڕ و زێو بڕازێنێتەوە و تەنیا سامانی دڵێکی بێگەرد و پڕ لە هەست و ئیلهامی شێعر و هۆنراوە بوو، بەڵام بە داخەوە لە دنیای دڵی تۆ و زۆر کەسی وەک تۆ دا هۆنەر لە ئاستی زێڕ و گەوهەر دا بایەخێکی نیە...

خۆێنەری بەرێز؛

شوکور بۆ خودا بەرهەمی ئەووەڵم « ڕەشبەڵەکی ژیان » لە لایەن ئەدەب دۆستانەوە پێشوازێکی باشی لێ کرا کە من هیچ کاتێ خۆم بە شیاوی ئەو هەموو ڕێزە نازانم.

هەر ئەو پێشوازیە گەرمە بوو بە هۆی ئەوەی کە دیسان دەست بدەمە پێنووس و کۆمەڵە شێعرێکی تر لە ژێر ناوی «تارای سپی» پێشکەش بە خەڵکی شێعردۆست و خۆشەویستی کورد بکەم بەو هیوایە توانیبێتم خزمەتێکی زۆر بچووک بە زمان و فەرهەنگی گەلەکەم بکەم و ئەم بەرهەمەش شیاوی ئەوە بێت کە لە سووچێکی کتێبخانەی گەورەی کوردی دا ڕێی هەبێت.

مەزهەر

١٣٩٥/١١/٢٥

# پاڕانەوە

بە نێــــوی تـــۆ خــــودایە
پێنووســــم دێـــنمە کـــایە

خەیـــاڵی تـــۆیە یـــاوەر
بــۆ دڵــی شــکاوی مەزهەر

تەنیـــا بـــۆ تـــۆیە هانـــام
گەر تـــۆ نەگەی بە فریـــام

لە غەیـــری تـــۆ خـــودایە
نـــیمە هـــیچ تەمەننـــایە

بە نـــووری دیـــن و ئـــیمان
بۆم ڕوون کەوە ڕێـی ژیـان

له ڕۆژی ئـــــــاخیرەت دا
خـــوایه نەبـــم هەڵـــوەدا

نەمخەیـــته ڕیـــزی کـــافر
بـــم ســـــووتێنی به ئـــاگر

بمبـــــووره گەر جاروبـــــار
ڕێگەم دەبـوو چەوت و لار

گەرچـــــی زۆره تـــــاوانم
بەڵام زۆر چـــاک دەزانـــم

ڕەحمـــی تـــۆ بـــێ ســـنووره
له مەزهەریـــــش ببـــــووره

# دوو ڕەنگی

خـۆزگە دەمزانـی چـۆن بە نیگـایەک
دەتـــوانی دڵـــم پـــڕ لە هیـــوا کەی
لە کـــاتێکی تـــر هەر ئەو نیگــــایە
بـــکەی بە تیـــرێ لە دڵمـــی ڕاکەی

لە لایە مەرهەم دەنێـــــیە ســـــەر زام
لە لایە خەنـــجەر دەدەی لە جەرگـــم
تـــاوێ حەکیمـــی بـــۆ دەردەکـــانم
تـــاوێ دەبـــی بە ژەهـــراوی مەرگـــم

تاوێ لە دەستت خەمبـار و دڵتەنـگ
ســـاتێ لە گەڵتـا مەسروور و دڵشـــاد
نـــازانم نـــاوی چـــی لە تـــۆ بنـــێم
دەرمـــانی دەردم یـــا بڵـــێم جەلـــلاد

جـــاری وا هەیە بە یەک بـــزەی لێـــو
دڵـــم پــڕ دەکەی لە شــێعر و ئیلهـــام
هێنــدەی پــێ نــاچێ بە ڕوو گــرژییەک
لێمـــــی دەســـــتێنی قەرار و ئـــــارام

تـــاوێ دەبیـــــتە بـــــاگەڕی مەرگ و
گـــــوڵی ژیـــــانم هەڵـــــدەوەرێنی
تـــاوێ دەبـــی بە یـــارێکی دڵســـۆز
خۆشـــترین کـــاتی ژیـــان پێــک دێنـــی

لە دووڕەنگـــــی تـــــۆ بێـــــزارم بە دڵ
بـــڕۆ جـــێم بـــێڵە بـــا ڕزگـــارم بـــێ
ئەمـــن کەســـێکم نـــاوێ وەکـــوو تـــۆ
تـــاوێ دوژمـــن و تـــاوێ یـــارم بـــێ

# پیرۆزبایی

دەنگی شادی و پێکەنین — بەرزە لە ماڵی ئێوە
دەڵێن ئاهەنگی تۆیە — ئەوانەی دێن لەوێوە

پیرۆزباییت پێ دەڵێم — بە دڵێکی پڕ خوێنەوە
ڕووی ڕەش و تارای سپیت — زۆر جوان لە یەک دێنەوە

# دوعای بێ سەمەر

هەمـــوو ژیـــان و عـــومری جەوانـــیم
ڕەنجـم بـۆ کێشـای هەتـاکوو تـوانیم

خۆشـــم دەویســـتی زیـــاتر لە دیـــدەم
لە ڕێگەی عەشقت چی مـا کە نەیـکەم

فەرهـاد گەر کێـوی هەڵکەنـد بە تیشـە
مـــن هەر بە نـــاڵەم هێنـــام لە ڕیشـــە

مەجنون گەر وێڵی ناو کێو و هەرد بوو
مەسکەنی منیش ئەشکەوت و بەرد بوو

کاکە مەم بـۆ زیـن چەنـدەی جەفـا دی
مـــن ســـەد ئەوەنـــدە دیـــم نـــامرادی

ڕاســتە قەت نەبــوو بە خــاوەنی زیــن
ســەری نــایەوە بە دڵێکــی غەمگــین

بەڵام زینــی ئەو نەبــوو بــێ وەفــا
وەک تــۆ نەمردبــوو بــۆ مــاڵی دنیــا

لە مردنیشــا جێــی نەهێشــت یــاری
تــا گیــانی دەرچــوو لە ســەر مەزاری

بەڵام تــۆی زاڵــم، تــۆی پارەپەرەســت
نەتزانــی قەدری دڵێکــی پڕهەســت

دڵــی شــاعیرێک کە وەک دەریــایە
کــردت بە فیــدای مــاڵ و ســەرمایە

لە پێنــاو مــاڵ و ســەروەت و ســامان
منــت بە جــێ هێشــت لە چــۆڵی ژیــان

بەزەییــت نەهــات بە ڕەنگــی زەردم
بە ئەشــکی چــاو و هەناســەی ســەردم

یــاخوا لە ژینـــت نەبینـــی خۆشـــی
تووشـــت بـــێ هەزار دەرد و پەرۆشـــی

ڕێبـــازی ژینـــت پـــڕ لە خەتەر بـــێ
بەشـــت هەمیشـــە کـــۆچ و ســـەفەر بـــێ

هەرچەند دەزانم لای خوا دوعـای مـن
قەت ڕەوا نـــابێ تـــا ڕۆژی مـــردن

هەرچەنـــدە ڕۆژی مـــن ڕەشـــتر دەبـــێ
ئەســـتێرەی بەختـــی تـــۆ گەشـــتر دەبـــێ

هەر چەنـــد دڵـــی مـــن خەمبـــارتر دەبـــێ
لە عەشـــق و ئەویـــن بێزارتـــر دەبـــێ

تـــۆ ســـەد ئەوەنـــدە دەنەخشـــێ ژینـــت
ڕوونـــاکتر دەبـــێ ئاســـۆی ئەوینـــت

منـــی بـــێکەس و بـــێ یـــار و هـــاودەم
هەر چەنـــدە زیـــاتر دوعـــات لـــێ دەکەم

زیــاتر گــوڵ دەگــرێ بــاغی ژیانــت
بێڕەنـــگ تـــر دەبـــن ئازارەکانـــت

بەڵام دوعــامە گــش کــات و ســاتێ
دەردێکـــی وەهـــات خـــودا بـــداتێ

لە سەر تەرمەکەت وەختی گیان دانـت
ڕەشـــپۆش ببیـــنم گشـــت ئازیزانـــت

ئەمـــن هەر دەژیـــم بەو ئـــاواتەوە
بە جـــوانەمەرگی خـــوا بتبـــاتەوە

# نەخۆشی ئەوین

دەبینـــــی گەر پەشـــــێوم
تـــامەزرۆی مـــاچی لێـــوم

لە دووری بەژنــــی یــــارە
حـــــــــاڵم زار و نەزارە

ڕەنگ زەردی جووتێ لیمۆم
پێکـــراوی تیـــری ئەبـــرۆم

ئەمن بە لەش نـیم نەخـۆش
دڵـــــم زامــــارە و پەرۆش

جـــوانی دوو لێـــوی ئـــاڵە
منـــــی خســــتۆتە نــــاڵە

لەرەی دوو مەمکـــی یـــارم
کـــــــردوویە بـــــێ قەرارم

دڵـــــــم پڕپـــــــڕ لە ژانە
بـــۆ مـــاچی ئەو ســـێوانە

لە تـــاوی ڕوو بە خـــاڵم
تەبـــــم هەیە و دەنــــاڵم

لە سوێی ئەو مەستە چـاوە
چـــاوم خـــوێنی تێـــزاوە

نەخۆشـــی دەردی ئەویـــن
بە واکســــەن و پـــڕۆفین

بە ســەد دوکتــوری لێــزان
قەت دەردی نـابێ دەرمـان

دەرمــــــانی ئەو بـــــیمارە
تەنیـــا مـــاچێکی یـــارە

# تا کەی شەرم؟

ئەمجارە بێیە سەرڕێم
ڕازی دڵمت پێ دەڵێم
تا کەی شەرمت لێ بکەم
سەر داخەم و هیچ نەڵێم

لەو ڕۆژە چاوەکانم
تۆی دیوە یاری جوانم
هەمیشە هەر ئەتۆ بووی
هەوێنی شێعرەکانم

ئەمجارە گەر بتبینم
دەڵێم تۆی مایەی ژینم
بۆ تۆیە ئاه و ناڵەم
بۆ تۆیە داد و شینم

ئیـــتر نـــازانم گـــوڵم
ئەتـۆش دەشـكێنی دڵـم؟
یـا خـود ئـامێزی گەرمـت
دەكەی بە دوا مەنـــــزڵم؟

یا تـۆش چـون نـیمە دینـار
دەڕۆی و نـــابی بە یـــار
یـــا هەســـتی شـــاعیرانەم
نـــادەی بە كۆشــك و تەلار

تەنیــا شــتێ دەڵــێم پێــت
مەیلــت بە لای منــا بێــت
تەنیـا ڕووحـێ شـك دەبەم
ئەویـش دەنـێمە ژێـر پێـت

ئیــتر مــن نــیمە كارێــك
دەبــیە یــاری هەژارێــك؟
یا تـۆش دەبـی بە كـۆیلەی
دەســـتی ســـەرمایەدارێك!

# تەنیا هەر ئەمشەو

تەنیـــا هەر ئەمشـــەو بمـــدە ئیجـــازە
لەو چـــاوە جـــوانەت کە پـــڕ لە نـــازە
تێرتێـــر بـــڕوانم تـــا نیگـــای گەرمـــت
پێمـــــی ببەخشـــــێ ژینێکـــــی تـــــازە

تەنیا هەر ئەمشـەو یـاری دیـدە گەش
ڕێـگەم پـێ بـدە بە منـی چـارەڕەش
لە ســـەر ســـینەکەت وچـــانێ بـــدەم
گەرم بــــبمەوە بە تینـــــی بــــاوەش

لـێم گەڕێ ئەمشـــەو تـــاکوو بەیـــانی
چـاوم تێـر بـکەم لە سـەیری جـوانی
لەشـــی تەزیـــو و هـــیلاک و مانـــدووم
بگـــــرە ئـــــامێزت تـــــاکوو دەتـــــوانی

مەستم کە ئەمشەو لە ماچی لێوان
لە ماچی سینە و مژینی سێوان
با تاقە یەک شەو لە بەینی ئێمە
وامەکە و لاچۆ نەبێتە نێوان

تەنیا هەر ئەمشەو ڕووی خۆش بنوێنە
ماچم پێ بدە و دڵم مەشکێنە
دەنا سبەینێ گەردنت ئازا بێ
پێت خۆش بوو ڕووحم لە لەش دەرێنە

لێم گەڕێ گوڵم بۆ تاقە شەوێ
لە باوەشت دا خەوم لێ کەوێ
سبەی زوو بڕۆ ئاوڕیش مەدەوە
لە گەڵ هەر کەسێ دڵت دەیهەوێ

سبەینێ من و تەنافی دارێک
ئەتۆ و باوەشی سەرمایەدارێک
ڕێگەم پێ بدە با کەمێ خۆشی
لە گەڵ خۆم بەرم وەک یادگارێک

# نیشتمان

نیشـــتمانەکەم، ڕووگەی ئەویـــنم
دەیـکەم بە فیـدات ژیـان و ژیـنم

گەر شێعری مەزهەر بە تام و بـۆیە
پەروەردەی خـاکی پیـرۆزی تـۆیە

ئەگەر هەڵبەستم جوانە و بێ گرێ
لە جوانی تۆوە سـەرچاوە دەگـرێ

جوانی تۆ منی کـردوە بە نووسـەر
بە فیدای تۆ بێ ڕوح و ماڵ و سەر

هەر کەس دیمەنی جوانـت ببینـێ
تـا ڕۆژی مـردن سەرسـام ئەمێنـێ

بە سەد چیرۆک و پەخشان و ئەشـعار
سـەد یەکـی جوانیـت نـایەتە ئەژمـار

هەر چەنـدە هەسـتم وەکـوو دەریـایە
لە وەســفی تــۆدا هــیچم بــۆ نــایە

سـەیرانی دەشـتت بەهەشـتە بـۆ مـن
دووربی لە چاوی حەسوود و دوژمن

# یاری دەروون ڕەش

بە جــوانی کــوڵم و لێــو و دەم و چــاو
زۆری وەک منــت خســتۆتە نێــو داو
وێڵــن بە دووتــا ســەد لاوی دامــاو

نــازانن ڕۆژێ ســـەدی وەک ئەوان
لە پێنــاوی مــاڵ دەفرۆشــی ئاســان

وەک خاکی سەرڕێ کەوتوون لە بەرپێت
هەریەک لە لایە دەگــرین وەکــوو شــێت
زۆرجــوانە لایــان لەرەی دوو بەهێــت

شێت بوون لە تاوی دوو لیمـۆی زەردت
نــابینن دڵــی ڕەقــتر لە بەردت

هەر ڕەشـــی خـــاڵ و پەرچەم دەبیـــنن
مردووی سەر سنگی سـپی و بەفـرینن
کوشـــتەی دوو لێـــوی بە پێکەنیـــنن

ئەوانە هیچیـــان نـــازانن کە تـــۆ
دڵـــت ڕەشـــترە لە چـــاو و بـــرۆ

جارجـــارە ئاوڕێـــک دەدەیـــتە دواوە
بزانـــی کامیـــان زیـــاتر ســـووتاوە
کامەیـــان دیـــاری چـــاکی هێنـــاوە

تاکوو ئەو بـکەی بە دۆسـتی گیـانی!
یـاری پـێ بـکەی تـاکوو دەتـوانی

گەر سەد ئەوەندەش ڕوخسارت جوان بێ
بە وێـــنەی نەبـــێ لە شـــار و لە دێ
هەزاران کەڕەت پـێم بگـری سـەرڕێ

تــازە قەت نــابم شـێت و مەجنوونــت
لە مــن ڕا دیــارە ڕەشـــی دەروونــت

کەســێ کە دەمــرێ بــۆ پــووڵ و پــارە
بیـــری هەر لە لای زێـــڕ و دینـــارە
گیـــرۆدەی نـــابم، کـــوا ئەوە یـــارە؟

تەواوی ژیـــنم خۆشـــە تەنیـــا بـــم
نەوەک هـــاودەمی کەســـێکی وا بـــم

خۆشەویســـتی مـــن لەو دنیـــایە دا
کە تـــاکوو ئیســـتا بـــۆم نەبـــووە پەیـــدا
دڵـــم لە تـــاوی شـــێتە و هەڵـــوەدا

کیـــژێکە ســـادە و بـــێ فێـــڵ و درۆ
بـــا جـــوانیش نەبـــێ بە چـــاو و بـــرۆ

گەر یـــــارێکی وا بێـــــتە ژیـــــانم
دەیـــکەم بە فیـــدای ڕوح و گیـــانم
زیـــاتر لە چـــاوم قەدری دەزانـــــم

بـــۆ ســـۆز و وفـــای ســـەرم دادەخەم
بـــۆ فەرشـــی بەرپێـــی دڵـــم ڕادەخەم

# دڵی شکاو

مــن ئەو کەســەم کە جــاران
بـــــۆ دیــــدارم ئەمـــــردی
بە شـــــــــــێعر و لایە لایە
شـــەوان مەســـتم ئەکـــردی

هەر ئەو لاوە دامــــــــــاوەم
ژیـــــنم لە ڕێـــــگە دانــــای
مــن تــێم گەیانــدی گــوڵم
وشـــەی ئەویـــن و مانـــای

کـــــــــــاتی خەم و پەژارە
مــن بــووم شــەریکی غەمــت
کە تەنیــــــا دەمـــــــایەوە
تەنیــا مــن بــووم هاودەمــت

کـــاتێ کە تـــۆ خەیاڵـــت
لە لای کەسـێکی تــر بــوو
لە تـــاوی تـــۆ دڵـــی مـــن
وەکــوو پشــکۆی ئــاگر بــوو

ئێســـتە وەکـــوو نەمناســـی
بە لامـــــا دێـــــی و دەڕۆی
مــن ئەو کەســەم لە ڕێــی تــۆ
داینــا هەمــوو ژینــی خــۆی

ئەوەی ئیســـــتە کـــــردووتە
بە یــار و هــاودەمی خــۆت
هەرگیــز نــاتوانێ وەک مــن
ڕۆژی سەد جار بمرێ بـۆت

کــوانێ دەتــوانێ وەک مــن
بە شـــێعرێکی بـــێ وێـــنە
وەســـفی جـــوانی تـــۆ بکـــا
کە چەنـــــد تاسەشـــــکێنە

ڕۆژێ دەبـــــێ کە یـــــاری
ســـــەرمایەداری ئێســـــتات
وەڕەز دەبـــــێ لە خـــــۆت و
لە جـــوانی بەژن و بـــاڵات

ئەودەم فرمێســـــک بڕێـــــژە
بـــۆ دڵـــی شـــکاوی مەزهەر
کە هەر بە یـــــادی تـــــۆوە
ژیـــانی خـــۆی بـــردە ســـەر

# کانی

کــانیەکەی بەردێ جــێگەی نــازداران
وێـــنەی بەهەشـــتە دەمەو ئێـــواران
بە چــاوێکی ســووک مەڕوانە کــانی
قیـــبلەی ئەویـــنە بـــۆ بـــێقەراران

دڵـــی ســـەدان لاو لەو شـــوێنە گیـــرە
زۆری وەکـــوو مـــن لەوێ ئەســـیرە
ســـەرچاوەی جـــوانیە بـــۆ ئـــاوەدانی
جیگەی سەرنجی گشــت لاو و پیــرە

شـــوێنی نیـــازە بـــۆ گشـــت دامـــاوان
خـــاکی ســـورمەیە بـــۆ چـــاوی لاوان
هەر لە دوورەوە پیاوی دەکـا مەســت
بـــۆنی پەرچەم و عەتـــر و گـــوڵاوان

کـــانی دەخـــیلم دەســـتم بە دامـــان
ئەی شـــوێنی پەری و باڵانەمامـــان
نـــازداریێ لێـــرە دڵـــی دزیـــوم
بە جـوانی لەنـجە و لەرەی شـەمامان

تـــۆ زۆر دەبینـــی یـــاری چاوکـــاڵم
بـــاڵابەرزەکەی ڕوومەت بە خـــاڵم
لە جێی من ماچ کە پەنجەی بلـووری
پێـــی ڕاگەیێـــنە تـــۆ عەرز و حـــاڵم

بڵـــێ لاوێکـــی دامـــاوی هەژار
بە دەردی عەشـــقت بـــووە گرفتـــار
هەر وەکوو ئاوی گۆزەی سەر شانت
فرمێسکی چاوی بـۆ تـۆ دێـنە خـوار

هەر کە شـەو داهـات هەتـا بەیـانی
بە تـــاقی تەنیـــا دێـــتە ســـەرکانی
لە گەڵ سەرچاوەی من تـێکەڵ دەبـێ
ئـــاوی زوڵاڵـــی فرمێســـکەکانی

# پێڵاو

ڕۆژێــــک پیـــاوێکی فەقیــــری دامـــــاو
ڕووی کــــردە بــــازاڕ بە نیــــازی پــــێڵاو

گیرفـــانی خـــاڵی، دەروونــــی پــــڕخەم
وەڕەز لە دەســـــتی ژیــــانی ئەســـــتەم

کە چـــــاوی دەکەوت بە کەوشـــــەکانی
دەهــــاتە خــــوارێ ئەشــــکی چـــاوانی

ئەو جــووتە کەوشــەی لە پێــی ئەو دابــوون
لە ســــەد جــــێگەوە پیــــنە کرابــــوون

کە بەرگــی خەڵکــی دەدی و بەرگــی خـۆی
لە خوای گەرەک بوو سەد جار مەرگی خـۆی

لە بەر خـــۆیەوە دەیکـــوت خـــودایە
ئەو زوڵـــمە تـــاکەی کۆتـــایی نـــایە

مرۆڤـــی وایە هێنـــدەت پـــێ داوە
ســـەر تـــا پـــا لەشـــی نـــوقمی دراوە

قەتـــــی نەدیـــــوە دەردی هەژاری
دەگـــــــــاتە هەوران بەرزی تەلاری

جل و بەرگی جوان، زەرد و سـپی و سـوور
بـــۆنی گـــوڵاوی دەڕوا دوور بە دوور

چـــونکە خـــاوەنی ســـامان و زێـــڕن
لە ئـــیمەی هەژار ڕوو وەردەگێـــڕن

داهـــاتی ســـەدان فەقیـــری وەک مـــن
پـــارەی عـــارەقی شـــەوێکی نـــابن

منـــی هەژاریـــش بـــۆ جـــووتێ پـــێڵاو
دەبـــێ حەرام کەم لە خـــۆم نـــان و ئـــاو

مانگێــــک شــــەو و ڕۆژ لەشـــــم نەسرەوێ
تــا پــارەی جــووتێ کەوشـــم دەس کەوێ

هەروا دەڕۆی و نــــــاڵە نـــــاڵی بـــــوو
گلەیـــی لە دەســـت بەخـــت و حــاڵی بــوو

لە پـــڕ شـــــتێکی زۆر ســــەیری بینـــــی
زیـــــــاتر کـــــــولاوە زام و برینـــــــی

دیتـــی ســـواڵکەرێک بێچـــارە و زەبـــوون
لاقێکـــی نەبـــوو، چاویشـــی کـــوێر بـــوون

لە بەر دەمـــی خـــۆی کاســـەی دانـــابوو
خەریکـــی دوعـــا و زیکـــری خـــودا بـــوو

بە هیـــــوای ئەوەی ژنـــــێ یـــــا پیـــــاوێ
دراوێ لە نـــــاو کاســــــەکەی بـــــاوێ

بەم حاڵەشـــەوە شـــوکری خـــوای ئەکـــرد
هەر تــاو نــا تــاوێ ســوژدەی بــۆی ئەبــرد

به دڵێکـــــی پــــڕ له بـــــاوەڕ و ئـــــیمان
دەیکــوت ئەی خــودای گەورە و میهرەبــان

ڕاســـته لاقــم نــیه، چاویشــم کــوێرە
چـــاوم له پـــارەی ئیحســـان و خێـــرە

بەڵام مـــن هەمه وەک تـــۆ خـــودایەک
که بێـــبەش ناکـــا هـــیچ بێـــنەوایەک

شــوکور بــۆ خــاتر ســەروەت و ســامان
دەســـتم بەرنەدا له دیـــن و ئـــیمان

مـــاڵی حەرامـــم قەت نەخـــواردووە
هەر دەم بەرەو تـــۆ ســـوژدەم بـــردووە

به ئەســـپایەوە بـــۆ لای گەدا چـــوو
له ئاســـتی ئەو دا واقـــی وڕ مـــابوو

که بەم حـــــاڵەوە ئەو بێـــــنەوایە
هێشـــتا له بیـــری شـــوکرانە دایە

پەشـــــیمان بـــۆوە زۆر لە ڕابـــــردووی
لەو خەیـــاڵانەی پێشـــــتر کردبـــــووی

پــــووڵی گیرفـــانی هەمـــوو دەرێنـــا
تەواوی خســــتە نـــاو کاســــەی گەدا

داهـــاتی مانگێـــک عـــارەق ڕشـــتنی
بەخشـــی لە ڕێـــی خـــوا و بە دڵ پێکەنـــی

بە دڵێکـــی زۆر شـــاد گەڕاوە بـــۆ مـــاڵ
بیـــــری هەژاری دەرچـــــوو لە خەیـــاڵ

لە گەڵ تەواوی هەنگاوەکـــــــــانی
بە ســــەربەرزیەوە لە خـــۆی دەڕوانـــــی

بە ڕەنـگ و ڕوخسـار گەرچـی هەژار بـوو
لە مەردایەتـــی ســـــەرتۆپی شـــار بـــوو

***

هەرچەنــد ژیانــت لێــوڕێژی خەم بــێ
کوێســتانی دڵــت پــڕ مــژ و تەم بــێ

هەرچەنــد فەقیــر و خــوار و هەژار بــی
لە تەنگــانە دا بــێ دۆســت و یــار بــی

قەت چــاو مەگێــڕە بــۆ ئیحســانی کەس
بیــرت هەر لە لای خــودا بێــت و بەس

هەیە لە ئــــیمەش گەلــــێ دامــــاوتر
کــــز و هەژار و ســــەرلێ شــــێواوتر

شــوکرانەی خــودا هەر بەجــێ بێــنە
بــــۆ مــــاڵی دنیــــا قەت دامەمێــــنە

کۆشــک و تەلاری خەڵکــی بە تــۆچی
خەم و خەیــــاڵی بێهــــوودە بــــۆچی

ئەو پەنــــدە جــوانە گەلــــێ شــــیرینە
«هەمیشــە خــوارتر لە خــۆت ببیــنە»

# جەمۆغە[١]

له ڕۆژهەڵاتـــی کێـــوەکەی دەربەنـــد
بەهەشـــتێ دیـــارە کە ڕووگەی مـــنە
گەر ســاتێ دوور بــم لە ئەو بەهەشــتە
هەر نەفەســێکم ســەد جــار مــردنە

شەشدانگی بەهەشت دێنێ لە لای من
ســـەیرانی کـــووچە و کۆڵانەکـــانی
پیــری ســەد ساڵە دێنێــتە ســەر حــاڵ
دیمەنـــی جـــوان و لە بەردڵانـــی

گەورە کچـــانی جـــوانتر لە حـــۆرین
کە ڕیـــز دەبەســـتن لە دەرکـــی مـــاڵێ
ئیـــتر هەر دڵە و بە جـــێ دەمێنـــێ
هەر لاوە و بۆیــان دەگــری و دەنــاڵێ

سـەیرانی دەشـت و بـاخ و بەنـدەنی
بـۆ لەشـی مـردوو ژینـی تـازەیە
«ئەگەر لاجـانە بەهەشـتی هەژار[٢]»
بەهەشـتی منـیش دێـی جەمـۆغەیە

جەمـۆغەی ئـازیز، مەڵبەنـدی جـوانم
شـەرتم کـردوە هەتـا بمێـنم
هەر باسی جوانی و سـەربەرزیت بـکەم
لە گشـت شـێعرێ دا نـاوت بهێـنم

هەتـاکوو زینـدووم ژیـان و جەسـتەم
بە فیـدای خـاکی گەوهەری تـۆ بـێ
ئەگەر مردیشـم لە پاشـی مەرگـم
کێلـی قەبـرەکەم سـەنگەری تـۆ بـێ

١.دێیەکی سەر بە شاری بۆکانە و شوێنی لە دایک بوونی شاعیرە.
٢.مامۆستا هەژار لە بەرەو موکریان دا دەڵێ (دەشتی لاجانە بەهەشـتی پێشـووم)

# هیوا

لەو ڕۆژەوەی بە بـــێ هــــۆ
بە جێـــی هێشـــتم دڵـــی تـــۆ

چەنـــــد ســــاڵێ تێپەڕیـــــوە
خۆشــــیم بە چـــاو نەدیــــوە

بەشــی تــۆ کەیــف و ســەیران
بەشـــی مـــن ئـــاه و گریـــان

بــۆ تــۆ خەنــدە و پێکەنـــین
بەشـــی مـــن هـــاوار و شـــین

بەشـــی تـــۆ کەیـــف و نـــازە
لە گەڵ یـــــارێکی تـــــازە

بەشـــی مـــن خەم و ئـــازار
بە یـــادی پـــار و پێـــرار

بەڵام لە گەڵ ئەوانەش
بە خـــۆم نـــاڵێم چـــارەڕەش

گەرچـــی لەشـــم بـــێ تیـــنە
دڵـــــم پـــــڕ لە ئەویـــــنە

چـــاوم کە پـــڕ ئەسریـــنن
تەنیـــا جـــوانی دەبیـــنن

جـــامم گەرچـــی خـــاڵییە
قـــومێ مەی تێـــدا نیـــیە

بەڵام بە یـــــادی تـــــۆوە
مـــن مەســـت دەبـــم لە خـــۆوە

گەرچـــی بـــێ مـــاڵ و حـــاڵم
هەمیشـــە دەســـت بەتـــاڵم

بەڵام لە ئـــــــــــازار و خەم
لە دەرد و ژان و مـــــــــاتەم

خــــودا ئەوەنـــدەی پێــــدام
ســـــــەرمایەداری دنیــــــام

گەرچـــی بــێ یـــار و هــاوڕێم
کەســــێ دڵــــی نەدا پــــێم

خەفەت وەک ئـــاواڵی چـــاک
وەک یـــارێکی دەروون پـــاک

تـــــا بەو ڕۆژە گەیشـــــتووم
هـیچ کـاتێ جێـی نەهێشـتووم

دڵـــــم گەرچــــی شــــکاوە
بەڵام وەکـــوو خـــۆی مـــاوە

پـــــڕ لە ئەویـــــن و هەســــتە
کـــانی شـــێعر و هەڵبەســـتە

تــا ئەو ڕۆژەی شـێعری جـوان
شـــەوان بـــۆم بێـــتە جێـــژوان

هەم بێ سـەد دەردی دیـکەش
بە خـــۆم نـــاڵێم چـــارەڕەش

# وەڵامی چاکە

باشـــم لە بیـــرە کـــاتێ منـــاڵ بـــووم
دوور لە مەیـنەت و خەم و خەیـاڵ بـووم

پەنـــدێ فێـــر ببـــووم لە پیـــرە پیـــاوێ
«تـــۆ چـــاکە بـــکە و لە ئـــاوی هـــاوێ»

ئەگەر چـــاکە کەی لە مـــاوەی ژیـــان
دێـــــتەوە ســـــەرڕێت ڕۆژێ لە ڕۆژان

لە لام زۆر شـیرن و بە تـام و بـۆن بـوو
ئەگەرچـــی وتەی پیـــاوانی کـــۆن بـــوو

لە بەر خـــــۆمەوە هەر دەم خوێنـــــدەوە
نەوەک ڕۆژێ بـــــێ بیـــــرم چێـــــتەوە

خۆم بە خـۆم دەکـوت هەر تـاو نـا تـاوێ
«تـــۆ چـــاکە بـــکە و لە ئـــاوی هـــاوێ»

منـــیش هەر بە پێـــی ئەم پەنـــدە جـــوانە
چـــاکەم کـــرد لە گەڵ دۆســـت و بێگـــانە

لە گەڵ جیـــران و خـــزم و کەس و کـــار
تەنـــــانەت لە گەڵ دوژمـــــن و ئەغیـــــار

***

چەنـدەم لە گەڵ تـۆ چـاکە و وەفـا بـوو
بەڵام وەڵامـــم زوڵـــم و جەفـــا بـــوو

پـێم خـۆش بـوو بمـرم بەڵام بە مەرجـێ
بەرامـــبەر بە مـــن دڵـــت نەڕەنجـــێ

بەڵام قەت نەمـــدی لە جـــوابی چـــاکەم
دڵـــم خـــۆش بـــکەی نە زۆر و نە کەم

بـــێجگەلە ئـــازار هـــیچم نەدی لێـــت
هێنـــدەم چـــاکە کـــرد نـــاوم نـــرا شـــێت

بـــاری غەریبـــیم هەر لە ســـەر لێـــو بـــوو
جـــوابی ســـڵاوم تـــانە و جنێـــو بـــوو

هەتـــاکوو ئێســـتاش هەروا چـــاوەڕێم
کە چاکەکـــانم بێـــنەوە ســـەرڕێم

وەڵامـــی چـــاکە ئەگەر ئـــاوایە
تـــازە قەت نـــایکەم هەتـــا هەتـــایە

# گۆڕستانی دڵ

مــن بــۆ ئەوینێــک کە قەت پێــی نــاگەم
تــاکەی لە خــۆوە ئــازاری خــۆم دەم
بــــۆ بێوەفــــایەک بــــۆچی ژیــــانم
پــــــڕکەم لە دەرد و لە حەسرەت و خەم

نە تیشــکی چــاوت ڕوونــاک دەکــا ڕێــم
نە ئەو دڵەی تــــۆ دەبێــــتە هــــاوڕێم
نە ڕێــم پــێ دەدەی لێــت دوورکەومەوە
نە ڕووم پــێ دەدەی کــاتێ بــۆ لات دێــم

نە دەســـتم دەگـــا بە ســـێوی کاڵـــت
نە لێـــوم دەگـــا بە لێـــوی ئاڵـــت
نە تـــاقە جـــارێ دەپرســـی حـــاڵم
نە جــێم پــێ دەدەی لە نــاو خەیاڵــت

نە قەت دڵـــی تـــۆ نەرم دەبـــێ بـــۆم
نە دادەمرکـــێ کـــوڵی دڵـــی خـــۆم
نە قەت مەرهەمـــــێ دەدەی لە زامـــــم
نە گـــوێ دەدەیـــتە هـــاوار و ڕۆڕۆم

کە وابـــوو بـــۆچی ئـــازار بچێـــژم
شـــەوان بە یـــادت فرمێســـک بڕێـــژم
شـــەرتم کـــردووە خـــۆت و ئەوینـــت
لە گۆڕســـــــــتانی دڵ دا بنێـــــــــژم

# گلەیی

«بە بۆنەی کۆچی دوایی بابی خۆشەویستم»

کــۆچی نــاوادەت پشــتی شــکاندم
گــولّی ئــاواتی لــێ هەلّوەرانــدم

دلّـــی کەساســـم پـــڕ لە بـــرینە
پیشـــەم شـــەو و ڕۆژ گریـــان و شـــینە

بۆ مالّی چۆلّمان تـۆ وەک چـرا بـووی
هەمیشـە بـۆ مـن پشـت و پەنـا بـووی

زامـی دەروونـم لە دوای کـۆچی تـۆ
چـۆن سـارێژ بـکەم بە شـین و ڕۆڕۆ

کــاتێ هەلّدەســتێ کــولّی تەنیــاییم
لە دوای تــۆ کــێ دێ بــۆ دلّنەوایــیم

لە مـاوەی ژیـان چـونکە هەژار بـووی
هەمیشە تەنیا و بێ دۆست و یار بـووی

وەڕەز بـووی لە دەسـت مەینەتـی دنیـا
بـارگەت پێچـاوە بـۆ بارەگـای خـوا

خـۆزگە لە گەڵ تـۆ منـیش دەمـردم
گلەیـیم لێـتە بـۆچی نەتـبردم؟

# بەهاری وڵات

بەهـــار هـــاتەوە مـــوژدە بـــێ یـــاران
سەوزی پۆشیوە دەشــت و کۆســاران
مێــرگ و چــیمەن و هــۆبە و هەواران
ڕازاوە بە گـــوڵ جـــوانتر لە جـــاران

لە شــاخ و یــاڵ و دەشــت و لێــڕەوار
دەڕوا بـــۆنی گـــوڵ هەوارە و هەوار
جریــوەی بولبــول لە بــاخ و گــوڵزار
چەنــد دڵ بــزوێنە بــۆ لاوی ڕێبــوار

ئـــاوی ڕووبـــار و کـــانی ژیـــاوە
بەژنــی کێوەکــان بە گــوڵ نەخشــاوە
لەشـــکری ســـەرما هێـــزی نەمـــاوە
بە دەســت شــەماڵ و هێرشــی بــاوە

بەفری سـەر لـووتکە تـواوە یەکسـەر
ڕووا لە جێگەی بەیبـوون و شەشـپەڕ
سەدان گوڵی جوان لە خاک هاتە دەر
ڕازاوە بەژنـــــی کەژ و کێـــــو و دەر

مێـــرگ و بنـــاری دەوری ئـــاوایی
بۆتە سـەیرانگە و جێـی بەزم و شـایی
ســـەدان کیـــژ و لاو بە دڵنیـــایی
هـــاتوون بە بـــادەن دەردی تەنیـــایی

حـــۆر و فریشـــتەی بەهەشـــتە وا دێ
یـــا کیـــژی کـــوردە وا بە ئەدا دێ؟
بـــۆنی گـــوڵانە تـــێکەڵ بە بـــا دێ
یـــا بـــۆنی زولفـــی کیژانـــی لادێ؟

کـــاتی گەڕان و ســـەیران و گەشـــتە
خـــاکی وڵاتـــم وێـــنەی بەهەشـــتە
بـــڕوانە تـــاوێ لەو دەر و دەشـــتە
بـــۆتە بەهەشـــتی پـــڕ لە فریشـــتە

بەشی هەموو کەس کەیف و سرووره
تەنیــا دڵــی مــن لە خۆشــی دووره
گــڕی دەروونــم وێــنەی تەنــووره
لە ســوێی دیتنــی ئەو کــوڵمە ســووره

بەهـــاری مەزهەر ئـــامێزی یـــاره
لە بەر دووری ئەو دڵ بـــــــێقەراره
گەر بێــتەوە لام ئەو گــوڵ ڕوخســاره
زســتانیش بــۆ مــن وێــنەی بەهــاره

# ڕۆژی مەرگم

ئەوڕۆ ڕۆژی مەرگـــــــــمە
کفنـــــی ســـپی بەرگـــمە

بە خـــــۆ و ئاواتەکـــــانم
میـــــوانی گۆڕســــــتانم

ئەجەل هــات و بە بێـدەنگ
بردمی بەرەو گـۆڕی تەنـگ

لە ژیـــن ڕزگـــاری کـــردم
ئـــۆخەی نەمـــام و مـــردم

هەمـــــوو هاواڵەکـــــانم
خـــــزم و دەر و جیـــــرانم

به چـاوی پـڕ له ئه‌سریـن
به هــاوار و داد و شــین

هـاتوون له دوور و نزیـک
بمـخه‌نه قه‌بـری تاریـک

به دڵێکـــی خه‌مبــاره‌وه
به گریــــــان و زاره‌وه

فاتیحــام بــۆ ده‌نێــرن
له‌شـم به خـاک ئه‌سـپێرن

***

دایکـــی دڵ برینــــدارم
له پــاڵ کێلــــی مه‌زارم

ڕه‌شــپۆش و تــازیه‌داره
خه‌ریکـــی شــین و زاره

سووتا بە جارێ جەرگی
بۆ کوڕی جوانەمەرگی

کە تا مابوو لە ژیانی
کەسێ قەدری نەزانی

مەگری دایە بۆ مەرگم
با نەپسێ بەندی جەرگم

بۆخۆت دەزانی دایە
کە من لە ڕووی دنیایە

پیشەم خەفەت خواردن بوو
مەرگ ئاواتی من بوو

مەگری قەزات لە گیانم
هەستە ئەی دایکی جوانم

بــیکه به جێــژن و شــادی
به ســـەر چـــوو نـــامرادی

بســـڕه فرمێســکی گۆنـــات
کــوڕت گەیشــت به ئـاوات

***

هەر یەک به جـــۆرێ ئەوڕۆ
بـــۆم دەکـــا شـــین و ڕۆڕۆ

یەک دوعـــام بـــۆ دەخـــوێنێ
یەک به لاوک ئەمـــــــدوێنێ

یەک دانیشتووه کــز و مــات
یەک کێلی قەبــرم ئەشــوات

یەکــێ بێــدەنگ و خەمبــار
فرمێســکی دەڕژێــته خــوار

بە چاوی سووری پڕ ئاو
تۆم هاتە بیر لە ناکاو

چاوم گێڕا بە وردی
لە گۆڕستان تۆم نەدی

دڵم سووتا بە حاڵم
کە تۆی ڕووڕەشی زاڵم

کە خۆت هۆی مردنم بووی
بۆ سەر قەبرم نەهاتووی

# تا سەر وانابێ

تــریفەی جــوانی مانگەشــەو تــا ســەر
لە ژێـــــر هەوری ڕەش نـــــامێنێتەوە

گـــــوڵی ژاکـــاوی ئـــاوات و هیـــوام
دڵنیـــــام ڕۆژێ ســـــەوز ئەبێـــــتەوە

خەفەت نـــــامێنێ لە نـــــاو دڵمـــــدا
شـــادی بـــۆ مـــاڵی منـــیش دێـــتەوە

ڕوون و گەش دەبـــێ ئاســـۆی ژیـــانم
ڕووڕەشـــــی بـــــۆ تـــــۆ دەمێنێـــــتەوە

لافـــاوی مـــردن ڕۆژێ دێ و بە قـــین
تۆمـــــاری ژینـــــت دەپێچێـــــتەوە

ســوپای تــاریکی هەرچەنــد بە هێــز بــێ
قەت تیشـــکی چـــرا ناشـــارێتەوە

# تۆڵەی ماچ

لە کـــــۆڵانێکی چـــــۆڵ و تـــــار و تەنـــــگ
تووش بووم بە کیژێک جوان و شۆخ و شـەنگ

ســــەرگۆنەی وێــــنەی گـــولّی نەوبەهـــار
لە لار و لەنـــــجەی حـــــۆری شـــــەرمەزار

ســــڵاوی لــــێم کــــرد بە دەنگێکــــی خــــۆش
دەنگــــێ کە مــــردوو دێنێــــتە ســــەر هــــۆش

مەست بـووم بە نەشـئەی دوو چـاوی جـوانی
سەرســــام و بێــــدەنگ هەر لــــێم ئەڕوانــــی

لێــــی چــــوومە پێشــــێ گــــرتم لە بــــاوەش
گــــرتم بە لێــــوم گــــۆنەی ئــــاڵ و گەش

کـــــــردی بە زیـــــــڕە و هەرا و جنێـــــــودان
وەخـــــت بـــوو ئـــابڕووم بەریٚ لە کـــۆڵان

وتـــــم نـــازەنین ئەی جـــوانی ســـاکار
تـــۆ بـــی و جوانیـــت بمبـــووره ئەمجـــار

بە لار و لەنـــجەت ئەی جـــوانی تەڕپـــۆش
ڕفانـــدت لە مـــن عەقـــڵ و بیـــر و هـــۆش

ســـووری ســـەرگۆنات بێهۆشـــی کـــردم
مـــاچم نەکردبـــا بـــیٚ شـــک دەمـــردم

ئیـــــتر بەســـــیەتی ئەو بـــــۆڵە بـــــۆڵە
تـــــۆش مـــــاچم کەوە تـــــۆڵە بە تـــــۆڵە

# پەشیمانی

بە نـــاز بە لامـــا بـــڕۆ
بەرەو جێـژوان خـۆت بـادە
مەیهێـــنە بەر خەیاڵـــت
کە مـــن دڵـــم ناشـــادە

ئەویـش فریـو دە وەک مـن
بە غەمــزەی چـــاو و بـــرۆ
کەم کەم دڵــــــی نەرم کە
بە فێـــڵ و مەکـــر و درۆ

شـــەرم مەکە لە لای مـــن
بیـــدەیە مـــاچی لێـــوت
سەرســـنگی بـــۆ وەدەرخە
لە ژێـر هەوری چارشـێوت

بەڵام ئەوەت لە بیــــر بــــێ
ئەی خـــوێنمژی جەفاکـــار
بە شـــێعرەکانی مـــن بـــوو
نـــاوی تـــۆ کەوتە ســـەرزار

گەر شـــێعری مـــن نەبـــوایە
کەس نەبـــوو تـــۆ بناســـێ
کەس نەبـوو تـا لە حانـدی
عەشـق و جوانیـت بتاسـێ

لە سایەی شێعری مـن بـوو
جوانیت ناوبـانگی دەرکـرد
بەڵام تۆ هێند سـپڵە بـووی
زۆر زوو منـــت لە بیـر بـرد

ئێســتا کە بـۆ مـن نەبـووی
بە دۆست و یـار و هـاوڕێ
هەمـــــوو بەڵێنەکـــــانم
وەک تـــۆ دەنـــێمە ژێرپـــێ

کـــــاریَ دەکەم کە دنیـــــا
بێـــزار بـــیَ لە دیـــدارت
گەردی خەم و پەژارە
بنیشـــــیَ لە ڕوخســـــارت

لە گشــت دێڕێکــی شــێعرم
دەنووســـم چەنــدە پەســتی
تـــاکوو عـــالەم بـــزانن
دژی ئەویـــــن و هەســـــتی

وەدەردەخەم ڕووی ڕەشـــت
تا تۆش تەنیا بی وەک خـۆم
کـــاریَ دەکەم لە بەرپـــێم
بتـــوێیەوە وەکـــوو مـــۆم

# چوارخشتەکی

جاران دڵخۆش بووم بە خەونـی شـەوگار
کە دەمـــدی لەودا ڕوخســـاری دڵـــدار
بەڵام ئێســـتاکە لە بەختـــی چەوتـــم
خەویـــش لە چـــاوی مـــن بـــووە بێـــزار

★★★

دوور لە بـــاڵاکەت ئەی خـــوێن شـــیرینم
لە شـــەو ڕەشـــترە ڕۆژگـــاری ژیـــنم
مـن کە شـاعیری جـوانی و ئەویـن بـووم
ئێســـتا نووســـەری چیرۆکـــی شـــینم

★★★

هەر نەفەســـــێکی ئەم ژیــــــنە تــــاڵە
بــــۆ مــــن درێژتــــر لە مانــــگ و ســــاڵە
شــــــەوانە دەنگــــــی هــــــاوار و ڕۆڕۆم
عــــالەم دەخــــاتە گریــــان و نــــاڵە

★★★

تــــاکوو بەیــــانی نەخەوتــــم ئەمشــــەو
نەوەک ڕووی ڕەشــــــت ببیــــنم بە خەو
نەوەک لە خەودا ببیــــــنم کە تــــــۆ
لە بەر چــاوی مــن بگــری دەســتی ئەو

★★★

لە دووری بــــاڵات هێنــــد بــــێقەرارم
دەگــــاتە هەوران دەنگــــی هــــاوارم
گەر بــــڕوا نــــاکەی بە شــــێعرەکانم
بــــــڕوانە حــــــاڵی زار و نەزارم

★★★

گەردوون تــــــــابەکەی دژی هەژاری
تــاکەی ســوورِ دەدەی بە لار و خــواری
لە شــکانی ئــێمە چــی دەگــا بە تــۆ؟
کە هەردەم خەمــێ دێنــی بە دیــاری

پشـــــتت مەبەســـــتە بە ئەم دنیـــــایە
کە هەر مەیـــــنەت و دەرد و جەفـــــایە
دنیـــــا بە وێـــــنەی بێـــــوەژنێکە
کە مـــــارەی لە هـــــیچ مرۆڤـــــێ نـــایە

★★★

جێژوانـــی دوێنێـــت وەک جـــاران نەبـــوو
خەوی باوەشـــــت مەســـــتی نەکـــــردم
دەمزانـــــی ئەوە دوایـــــین دیـــــدارە
بەڵام نـــــازانم بـــــۆچی نەمـــــردم

★★★

لە حـــــاڵی زارم تـــــاوێ بـــــڕوانە
بـــزانە بـــێ تـــۆ چەنـــد پەرێشـــانە
ئەگەرچـــی دڵـــم کـــوورەی ئـــاگرە
هەناســـەم چـــلەی ســـەردی زســـتانە

★★★

دڵـــم تـــامەزرۆی جـــووتە ســـێوێکە
هەڵـــوەدای مـــاچی دەم و لێـــوێکە
بەڵام نـــازانم چـــۆنی پـــێ بـــگەم
کە مەودای دڵـــمان بە قەد کێـــوێکە

جوانیـــت نـــاگونجیٚ لە نـــاو خەیـــاڵا
ئەوەنـــــدە جـــــوانی بە بەژن و بـــــاڵا
بـــۆ مـــن کە شـــەیدا و شـــێتی ئەویـــنم
پیـــــرۆزە بـــــاڵات وەک داری ئـــــاڵا

★★★

خەفەت مەخـــۆ قەت بـــۆ وەی هەژاری
ژێردەســـتی ئاغـــا و خـــان و ســـەرداری
ڕۆژیٚ مـــن و تـــۆش دەگەیـــن بە ئـــاوات
دەڕووخـــیٚ کۆشـــکی زوڵـــم و زۆرداری

★★★

گەر نـــانیٚ بـــدەی بە دەســـت هەژاریٚ
یـــا شـــادی بێنـــی بـــۆ بـــێقەراریٚ
ســـەد نـــوێژی ڕیـــا دێنـــیٚ لە لای خـــوا
سـەد حەجـت کـردووە لە جیـاتی جـاریٚ

★★★

چـــۆن دڵـــت دێنـــیٚ بەڵێنـــیم دەیەی
بەڵام لە ســـــەدجار جـــــارێکی نەیەی
پـێم ســەیرە کیژێـک چـۆن دڵـی دێنـیٚ
دڵـــی ناســـکی شـــاعیر بشـــکێنیٚ

خەڵکینە لۆمەم مەکەن کە مەستم
ئەگەر بە جاریٚ شێواوە هەستم
منی بێکەس و بیٚ یار و هاوڕیٚ
ئەگەر مەی نەبیٚ کیٚ دەگریٚ دەستم

# خەونێکی تاڵ

ئەورۆ لە داخـــا پێنووســـم شـــکان
هەرچی شێعرم بــوو هەمــوویم ســووتان
چـــونکە لە دنیـــای بێڕەحمـــی ئـــێمە
کەس شــێعری نــاوێ بە تــیکەیەک نــان

دوێشـــەو خەونێکـــی زۆر تـــاڵم بینـــی
دیـــتم شـــاعیرێک زۆر بە خەمگینـــی
دیـــوانی شـــێعری حەراج کردبـــوو
کڕیارێـــک نەبـــوو لە بـــۆ کڕینـــی

کەسـێک کە ژینـی فیـدای گەلـی کـرد
بـــۆ ســـەرکەوتنی گەلـــی بـــوو بە پـــرد
ئێســـتە موحتـــاجی پـــارووبە نـــان بـــوو
کەســـێ پێـــی نەدا و لە برســـانە مـــرد

له دوای ناشـــتنی به چـــاوی گریـــان
له کێلـــی قه‌بـــری دیـــتم نووســـیان
ئه‌ی خـــاوه‌ن هــونه‌ر هه‌رگیــز نــامری!
ڕێبــواری ڕێــگه‌ی ئه‌تــۆین هه‌موومــان

شــێعرت سه‌راســه‌ر ئه‌ویــن و ســۆزه
مــایه‌ی شــانازی بــۆ گه‌ل و هــۆزه
ئیـــــتر له‌وڕۆوه هه‌تـــــا هه‌تـــــایه
له نـــاو دڵانـــدا نـــاوت پیـــرۆزه

ئه‌ی بـۆ تـا مـابوو خـاڵی بـوو ده‌سـتی
که‌س ڕێـزی نه‌گـرت له دڵـی پڕهه‌سـتی
تـــازه مه‌قـــبه‌ره و مه‌زاری بـــۆچیه
خه‌ڵکیـــنه تـــاکه‌ی مردووپه‌ره‌ســـتی؟

که هه‌ستام له خه‌و سه‌دان شێعری جوان
له ده‌ور و پشـــتم بــۆ مــن ده‌گریـــان
زانــیم ئه‌و خه‌ونه بــۆ منــیش دێــته دی
بــۆیه له داخـــان پێنووســـم شـــکان

# بووکی ڕووڕەش

باخچەی عەشق و ئەوینت
بە خوێنی من هاتە بەر
بەڵام بۆخۆم لە باخت
نە میوەم دی نە سێبەر

بەرهەمی ڕەنجی من بوو
داتە دەس بێگانەیەک
منیش لە ناو دڵتدا
ونم وەک ئەفسانەیەک

ئەورۆ ئاهەنگی تۆیە و
لە لای زاوا دانیشتووی
لێوت ڕەش هەڵگەڕاون
ئەوەندەیان بۆ مشتووی

شـــەرم بـــۆ دەکەی لە مـــن
لادە تـــــارای بـــــووکێنی
بـــا دەرکەوێ بـــــۆ زاوات
ســــەدان ڕازی نهێنـــــی

جێـــی ماچەکـــانم دیـــارن
لە ســـــەر تەواوی لەشــــت
تـــارا لادە لە ســــەر ڕووت
بـــا دەرکەوێ ڕووی ڕەشـــت

# شاعیری نەبەز

شــەرت بــێ تــا ئاســۆی ژیــنم
گەش و ڕوونـــــاک نەبیــــنم

لە تێکۆشـــــان نەوەســــــتم
تـــــا دێـــــتە دی مەبەســــتم

هەتـــــا ئـــــاخر هەناســــەم
بەرەو ئاســــــۆیە ڕێـــــــگەم

بەرەو ئاســــــــــــۆیەکی ڕوون
دەڕۆم بە بـــــێ مانـــــدووبوون

ســــــەدان کۆســــپم بێـــتە ڕێ
هەرگیـــــز نــــاکەوم لە پـــــێ

هەمـــوو عـــالەم بە گشـــتی
تێکـــــڕا ورد و درشـــــتی

بـــبن بە لەمـــپەری ڕێـــم
ســـەد داو دانـــێن لە بەرپـــێم

مـــن ئەو ڕێـــیە هەر دەڕۆم
هەتـــا دەگەم بە ئاســـــۆم

لە کـــوێ شـــاعیرت دیـــوە
بڵـــێن لە ژیـــن بەزیـــوە؟

# هەڵەی زانایان

ئەگەر جـــــاریَ بــــــترازیَ
دوگـــمەی بەرۆک و ســـنگت
وەدەرکەویَ لە ســـــــــــینە
دوو مەمکـــی پـــڕ بە چنگـــت

ئەوەی ئەســـــــــــتێرەناس و
زانــــــای ئەم جیهـــــــانەیە
هەرگیـــز نـــاڵێن گـــۆی زەوی
تەنیــــــا مـــــــانگێکی هەیە

# میوان

ئەمشـــەو لە مـــاڵی ئێـــوە میـــوانم
خـــۆم بە خـــاوەنی دنیـــا دەزانـــم

چـونکە دەتـوانم بە ئـارەزووی خـۆم
سـەیری بـاڵات کەم هەتـاکوو دەڕۆم

ئەتـۆش هـیچ نەبـێ هەروەک میـوانێ
لە مـــن بـــڕوانە و شـــەرم وەلانـــێ

وەرە دانیشــــــە قەزات لــــــێم کەوێ
نە شــەربەت دەخـۆم نە چـاییم دەوێ

سەردانی ئەمشـەو گشـت بەهـانە بـوو
مەبەسـتم سـەیری ئەو چـاوانە بـوو!

# کیژی دێهاتی

کیژی جوانی دێهاتی
ئەی جوانی پەری شێوە
لە سەر سینەت دڵی من
سەرسامی جووتێ سێوە

لە هەوری لێوەکانت
شەکر و گەزۆ دەبارێ
بە سەیری لار و لەنجەت
خەم لە دڵان دەتارێ

بە بێ سووراو و سپیاو
سەرکوڵمەت ئاڵ و سوورە
دڵی پاک و بێگەردت
لە مەکر و فێڵ بە دوورە

فەرهـــــاد ئەگەر تــــۆی دەدی
شـــــیرنی لە بیــــر دەچـــۆوە
مەجنــوون بە شــوێن لەیــلادا
شــێت نەدەبـــوو لە خـــۆوە

خـــدر کـــوانێ وێـــڵ دەبـــوو
بە دوای ئـــــاوی حەیاتـــــا
ئەگەر بـــۆ تــــاقە جـــارێ
تێـــــپەڕ دەبـــــوو بە لاتـــــا

لە زیـــــن گەلـــێ جـــوانتری
بە دیـــــمەن و بە ڕوخســـــار
گەر جـــارێ مەم تـــۆی دەدی
بـۆ تـۆ دەبـوو شـێت و هـار

گەر لاس لە ڕێـــگەی کـــانی
جـارێ لە ســەر ڕێــت دەبــوو
نە خــانزادی خـۆش دەویسـت
نە بـــۆ خەزاڵ شـــێت دەبـــوو

به کیژانـــــــی هەنـــــــدەران
بڵــــــێ ئەدا وەلانــــــێن
ســــــەدی وەکـــــوو ئەوانە
دەبـــێ کەوشـــت بـــۆ دانـــێن

ســـڵاو لە تـــۆ کیـــژی کـــورد
لە جـــــوانی بەژن و بـــــاڵات
ســـــڵاو لە تـــــۆ کوردســـــتان
لە خـــۆت و خـــاک و ئـــاڵات

# وەسیەت

وەســـیەت بـــۆ یـــاران کـــاتێ کە مـــردم
کە تەرمیـــــان بەرەو گۆڕخـــــانە بـــــردم
بە خـــــوێن بنووســـــن لە کێلـــی قەبـــرم
کـــــوژراوی نـــــازی کیژێکـــــی کـــــوردم

جێگەم بەهەشت بـێ یـا نـاو جەهەنـنەم
بـــۆمن وەک یەکە فەرقـــی پـــێ نـــاکەم
لە نـــــاو دۆزەخـــــیش ئەگەر بســـــووتێم
بە ســـەد ســـاڵ ژینـــی ســـەر دنیـــای نـــادەم

لە دنیـــا ئەوەی خۆشـــی بـــێ نەم بـــوو
بەشم هەموو کات هەر دەرد و خەم بـوو
شـــــایەد هەر بەوە خـــــودا بمبەخشـــــێ
کە مـــن ژیـــانم خـــۆی جەهەنـــنەم بـــوو

ئـۆخەی کە مـردم و بـۆلای خـوا دەڕۆم
چاک نەجاتم بـوو، خۆزگەتـان بە خـۆم!
بە جـــێ هێشـــتنی دنیـــای بێوەفـــا
گریـانی نـاوێ، بـۆچی دەگـرین بـۆم؟

لە دوای ناشـــتنم بـــیکەن بە جێـــژن
فرمێســـکی خەمـــم بـــۆ هەڵمەڕێـــژن
بە یـــادی یـــاری بـــاڵا نەمـــامم
لە بـــن نەمامێـــک تەرمـــم بنێـــژن

# ئارەزووی مەحاڵ

زۆر کەس لە دنیـــا شـــێتی پـــارەیە
بە ڕۆژ و بە شـــەو بـــۆی ئـــاوارەیە

بـــۆ تـــاقە یەک دەم ژینـــی سەرخۆشـــی
حـــازرە بفرۆشـــێ نامووســـی خۆشـــی

هەر ئەو گیرفـــانی پڕبـــێ لە دۆلار
چش بـــا برســـی بـــن ســـەد لاوی هەژار

زۆری واش هەیە کە شـــێتی لەنـــجەن
شەیدای پەرچەم و زولف و ئەگریجەن

تەواوی دۆست و خـــزم و کەس و کـــار
دەکـــا بە فیـــدای چـــاو و بـــرۆی یـــار

ڕۆژێ مــاچ نەکــا گەر دەم و لێــوێ
لە بەر چــاوی ئەو دنیــا دەشــێوێ

★★★

ئەمــن نە شــەیدای کۆشــک و تەلارم
نە مــردووی بەژنــی ڕێــک و لە بــارم

ئــــارەزووم وایە بـــژیم لە شــــوێنێ
کە چاوەکــــانم ســــتەم نەبینــــێ

بچــمە وڵاتــێ کە هــیچ نــازدارێ
لەشــی نەفرۆشــێ بــۆ چەنــد دینــارێ

مەجبــوور نەبــێ قەت بــۆ وەی بمێنــێ
بــۆ هەمــوو زۆڵێــک ســەر دانەوێنــێ

لە کۆشــــکی بەرزی ســــەرمایەداران
بە نیــــوەڕووتی بڕەقســــێ بۆیــــان

خوێنی منـاڵی بـێ دایـک و بـێ بـاب
نەچێـــتە کاســـە لە جـــێگەی شـــەڕاب

بچـــــمە وڵاتــــێ کە پیـــــاو و ژنــــــی
قەتیـــــان نەدیبـــــێ کیـــــنە و دوژمنـــــی

لە سەر شتێکی هـیچ و پـووچ و کـۆن
بە وێـنەی زەروو خـوێنی یەک نەخـۆن
★★★

تـــــۆ بڵێـــــی لە ســـــەر تەواوی دنیـــــا
ڕۆژێــک نەبیــنم شــوێنێکی ئــاوا...؟

# تاوان

دەڵـــێن دنیـــا گـــۆڕاوە
وەکـــوو پێشـــوو نەمـــاوە

زەمـــــانی زوو وانەبـــوو
فەرقـــی گەدا و شـــا نەبـــوو

دڵخۆشـــی زۆر بـــوو ئەودەم
کەســـێ نەیبـــوو دەرد و خەم

ڕســـق و ڕۆزی زیـــاتر بـــوو
حـــاڵمان گەلـــێ چـــاتر بـــوو

★★★

ئەوانە گشـــــت بیـــــانوون
بێ گوناهە چەرخـی گەردوون

ئەو هەمـــــوو زۆرداریـــــیە
تـــــاوانی دنیـــــا نیـــــیە

ئێمە خۆمان گۆڕاوین
وەک پێشوومان نەماوین

دنیا وەکوو خۆی وایە
خەتا لە ئێمە دایە

کە بۆ پاروویەک بژیو
دەدزین نانی سەد هەتیو

پارە و سەروەت و سامان
بۆتە ڕووگە و خودامان

هەرچۆنێ بێتە ڕێمان
دەڵێین حەڵاڵە پێمان

خوێنی سەرنووکی خەنجەر
دەخۆین وەک ئاوی کەوسەر

لە ئاکاری دزێومان
سەری سووڕماوە شەیتان

وێـــــنەی بەرد و ئاســـــنین
هەمـــــوو بە یەک دوژمنـــــین

ئەوەنـــــدە چەوت و لاڕێـــــین
بە گـــــژ زەمـــــانەدا دێـــــین

دنیـــا وەکـــوو خـــۆی مـــاوە
دڵـــــی ئـــــێمە گـــــۆڕاوە

بـــا چیـــدی ســـووچی خۆمـــان
نەخەیـــــنە ئەســـــتۆی زەمـــــان

# باز و مریشک[١]

بـــــازێکی کێـــــوی ڕۆژێ لە ڕۆژان
بە گازنـــــــدەوە مریشـــــکی ئەدوان

ئەیــوت بــۆ هێنــدە ســپڵە و بێوەفــای
لە گەڵ خێوی خۆت دایمە لە شــەڕدای

دان و ئــاوەکەت لای مــرۆڤ ئەخــۆی
بەڵام بەو جــۆرەش وەفــات نــیە بــۆی

بۆیــان ســاز کــردووی هــێلانەی گەرم
چیـــنەی بـــۆدەکەی لە جـــێگەی نەرم

خــۆش ڕادەبــوێری بە بــێ مەترســـی
شەوێک نەنووستووی خەمبار و برســـی

بەڵام تــــۆ چـــاکەی ئینســـانەکانت
قەت لە چـاو دانـیە تـف لە ویژدانـت

کـــاتێ کە دێـــن و بە لات دا دەڕۆن
پێــت وایە ئیــتر هــاتوون کە بتخــۆن

خێـــــــــرا ڕادەکەی بەم لا و بەولادا
وەفـــای ئەوانـــت نـــایە بە یـــادا

شەرت بێ ئەگەر من بە وێنەی تـۆ بـام
ئـــاوا وەکـــوو تــۆ قەدریـــان گرتبـــام

ئاگـــادارم بـــان بە ڕۆژ و بە شـــەو
پێیـــان بــدایەم خــۆراک و جێــی خەو

تــا مــردن بۆیـــان وەفـــادار ئەبـــووم
گیانیان ویسـتبا بە پێـی خـۆم ئەچـووم

وەڵامـــــی داوە مریشـــــکی هەژار
گـــوێم دەیە تـــاوێ یـــاری وەفـــادار

تــۆ قەت نەتــدیوە بــازێ ســەر بــڕن
بــۆ تــۆزە گۆشــتێ زگــی هەڵــدڕن

بەڵام مــن زۆری وەکــوو خــۆم دیــوە
گیانــداری دووپــێ لەشــیان جنیــوە

زۆر لە دۆســـــتانم لە بیـــــرم مــــاوە
لە پــێش چــاوم دا گۆشــتیان بــرژاوە

بەڵــێ گیــانەکەم مــن بێوەفــا نــیم
بەڵام ئەوەی من لە دەست مرۆڤ دیــم

ئەتــۆش بتــدیبا هەتــا حەوت کێــوان
هــار هەڵــدەهاتی لە ترســی ئینســان!

١. لە ئەدەبیاتی بێگانە وەرگیراوە

# تەماح

زەردیان پۆشـیبوو دەشـت و کەژ و کێـو
بێدەنگ و خەمبـار، باریـان لە سـەر لێـو

بـــــاخەکەی بەردێ گەڵای وەریبـــــوو
هەوری ڕەشــــی خەم دەوری تەنیبـــوو

لە ژێرپێــی ڕێبــوار خشــەی گەڵای زەرد
ناڵەنــاڵی بــوو لە دەســت هەوای ســەرد

نــاودێ بە جــارێ دڵتەنــگ و زیــز بــوو
نێوەڕاســت مــانگی وەرزی پــاییز بــوو

ڕێـــوێکی فێڵبـــاز لە پشـــت ئـــاوایی
دەهـــات و دەچـــوو زۆر بە ئەســـپایی

وەک چەتە و ڕێگـــر دەهـــاتە بەرچـــاو
هـــاتبوو داماوێـــک بخـــاتە نێـــو داو

★★★

بـــێ ئەوەی بێڵـــێ کە دەنگـــی پێـــی بـــێ
کەمـــــێ نـــــزیکتر بـــــۆوە لە نێـــــودێ

لە پشـــــتی ماڵێـــک هـــاتە بەرچـــاوی
جـــووتێ مریشـــک و چەنـــدین مـــراوی

لە گەڵ خۆی کوتی بە دڵێکی زۆرخۆش
خـــودا گەیانـــدی نێچیـــری ئەوڕۆش

هەتـــا بەیـــانە و خەڵکـــی دێ نووســـتوون
بـــێخەبەر لە نـــاو جـــێگەدا کەوتـــوون

بـــا زوو یەکێکیـــان ڕاوکەم و هەڵـــێم
نەوەک ببیـــنن لێـــرە شـــوێنی پـــێم

پەلامـــاری دان خێـــرا دەســـت و بـــرد
کەڵپـی لە ئەسـتۆی مریشـکێ گیـر کـرد

بە کەیفێکــی ســاز ڕووی کــردە کێــوی
هەر خـــوێن بـــوو دەڕژا لە زار و لێــوی

هەتـــاکوو زۆرچـــاک دوور نەکەوتەوە
نەیـــــوێرا جارێـــــک ئـــــاوڕ داتەوە

لە بـــۆ پشـــوودان تـــاوێ ڕاوەســـتا
لاشـــەی مریشـــکی هەروا لە دەســـتا

لە پـــڕ خەیـــاڵێ بە مێشـــکیدا هـــات
کەوتە گێـــــژاوی خەم و خەیـــــاڵات

بە خۆی کوت بۆچی هێنـدە نەزان بـووم
خـــۆ مـــن هەمیشـــە لە برســـان مـــردووم

قەت هەلـــی ئـــاوا هەڵنـــاکەوێ بـــۆم
بـــۆچی یەک دانەم هێنـــا لە گەڵ خـــۆم

دەبـــوو هەموویـــان ڕاوکەم بە جـــاریٚ
یەکیـان بـۆ شـەویٚ و یەک بـۆ نەهـاریٚ

یەک بـــۆ ســبەینیٚ کە هەســـتام لە خەو
یەک بۆ نیـوەڕۆ و یەک بـۆ شـامی شـەو

هەتاکوو چەنـد ڕۆژ بـیٚ خەم دەخەوتـم
لە مـــاڵی خـــۆم دا بـــۆی وەردەکەوتـــم

بەرەو ئـــــــــاوایی گەڕاوە خێـــــــــرا
بەڵام ئەوەنـــــدەی کە چـــاوی گێـــڕا

نێچیرەکـــــانی نەهـــــاتە بەرچـــــاو
تـــاکوو هەموویـــان بخـــاتە نێـــو داو

بەڵام خەڵکـــی دیٚ هەســـتیان کردبـــوو
بەیـــانی ڕێـــوی مریشـــکی بردبـــوو

خـــوێنی مریشـــکیان دیبـــوو لەو نـــاوە
کە چـــــۆن بە نـــــاحەق لەویٚ ڕژاوە

دەسـت بە تـێڵاوە خەڵـک بـۆی هـاتن
نەیمابـــوو تـــازە ڕێـــگەی هەڵاتـــن

لە هەر چـوار لاوە سـەگیان تـێ بەردا
بـاس نـاکرێ چیـان هێنـا بە سـەردا

لاشـەیان گەوزانـد لە خـاک و خوێنـا
تەمـاحی زۆر بـوو وای بە سـەر هێنـا

★★★

کەسـێ بە بەشـی خـۆی ڕازی نەبـێ
ئـاخری بە دەردی مـام ڕێـوی دەچـێ

وەرن بـــا تەمـــاح بخەیـــنە لاوە
ڕازی بـــین بەوەی خـــودا دانـــاوە

«تەمـاح سـوێراوە وەک ئـاو دەنـوێنێ
تـــا بیخـــۆیەوە تـــوونیەتی دێنـــێ»[١]

١.پەندی پێشینیان